ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٦

# دڵ نەرمی مرۆڤ و
# پێکهاتەکانی وە
# دڵ و جۆرەکانی

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

زنجيره (٦)

# پەیامی دڵ نەرمی
# مرۆڤ و پێکهاتەکانی
# وە دڵ و جۆرەکانی

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

پەیامی قیبلە
رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتێب: دڵ نەرمی مرۆڤ و پێکهاتەکانی وە دڵ و جۆرەکانی

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێش خوێندنەوە

ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا ومن سيئات اعمالنا، من يهد الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادى له والصلاة والسلام على افضل خلق الله سيدنا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين.

هەرکارێك[1] لەپێناو خزمەت کردن و گەیاندنی ئاینی ڕاستی ئێسلامدا بێت ئەگەرچی کارەکە بە بچوکیش بزانێرێت بەڵام پاکی کارەکەو نیەتەکە گەورەی دەکات، گەورەیی و بچوکی مرۆڤ بەبیرکردنەوەی خۆی پێوەرێکی هەیە بۆی و پێوەرە شەرعیەکانیش کارەکە دەوڵەمەندو مەزن دەکات، وەیان کەمەو کاریگەریەکی نیە، وەیان توانایەکمان هەبێت لەخزمەت کردن و گەیاندنی ئیسلامدا ئەگەر بەلاشمانەوە بچوك بێت نابێت ببێتە مایەی دڵ ساردیمان لە نەکردنی وەیان نەگەیاندنی،

[1] مەبەست ئەو کارانەیە کە لە چوارچیوەی شەرعدا بێت

نمونەمـان هەیـە لەسـەر ئـەم وتانـە.

١- خـوای گـەورە لـە قورئانـی پیـرۆزدا دەفەرمـووێ (( لا یكلـف اللـه نفسـا الا وسـعها ))[٢] واتـە خـوای گـەورە ئـەرك ناخاتـە سـەر هیـچ كەسـێك مەگـەر بەقـەدەر توانایـی خـۆی نەبێـت.

٢- پێشـەوامان درودو سـەلامی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـووێ ((بلغـوا عنـی ولـوا ایـە )) [٣]

واتە بیگەیەنن لەمنەوە ئەگەر ئایەتێكیش بێت

٣- لـە فەرموودەیەكـی تـر درودو سـەلامی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـووێ (( اتقـوا النـار ولـوا بشـق التمـره ))[٤] واتـە خۆتـان لـە ئاگـر بپارێـزن ئەگـەر بـە لەتـە خورمایەكیـش بێـت، وەهەروەهـا چەندەهـا ئایـەت و فەرمـوودەی تـر لـەو بـارەوە هاتـووە كەهاندەرمانـن ئـەوەی لەتوانامانـدا هەیـە درێغـی نەكەیـن ئەگـەر بەلاشـمانەوە كـەم بێـت وەیـان بـەلای كەسـانێكی تـرەوە ئـەوەی كردوومانـە زۆر كـەم بێـت ! بـەڵام لـە تـەرازووی پـەروەردگاردا بەدڵنیاییـەوە زۆر گەورەیـە. ئەگـەر وانەبوایـە پێشـەوامان درودی خـوای لەسـەربێت نـە یدەفەرمـوو بیگەیەنـن لەمنـەوە ئەگـەر ئایەتێكیـش بێـت خـۆ ئایەتێـك

---

٢ ئایەتی ٢٨٦ سورة البقرة

٣ ١٨٧١١١ – بلغوا عنی ولو آیة، وحدثوا عن بني اسرائیل ولا حرج ومن كذب علي متعمدا فلیتبوآ مقعده من النار الراوي:عبدالله بن عمرو بن العاص-خلاصة الدرجة}:صحیح-{امحدیث:البخاري – المصدر:الجامع الصحي الصفحة او الرقم ٣٤٦١

٤ ٦٥٢٦-٤ - ما منكم من أحد إلا سیكلمه ربه لیس بینه وبینه ترجمان ، فینظر أیمن منه فلا یرى إلا ما قدم من عمله ، وینظر أشأم منه فلا یرى إلا ما قدم ، وینظر بین یدیه فلا یرى إلا النار تلقاء وجهه ، فاتقوا النار ولو بشق تمرة ) . الراوي: عدي بن حاتم الطائي - خلاصة الدرجة: [أورده في صحیحه] وقال : قال الأعمش : وحدثني عمرو بن مرة ، عن خیثمة : مثله . وزاد فیه : ولو بكلمة طیبة - المحدث: البخاري - المصدر: الجامع الصحیح - الصفحة أو الرقم: ٧٥١٢

لـه چـاو ئـەو هەمووئایـەی تـردا کـە هەیـە ئاشـکرایە کـە زۆر کەمـە، یـان نەیدەفەرمـوو خۆتـان لـە ئاگـر بپارێـزن ئەگـەر بەلەتـە خورمایەکیـش بێـت ئاشکراشـە کەلەتـە خورمایـەك نرخـی دونیایەکـەی دەبێـت چەنـد بێـت؟! بەهەرحـاڵ هەرکارێـك لـە پێنـاو ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلامدا بکرێـت نابێـت بەکـەم و کـەم بەهـا سـەیر بکرێـت. لەوانەیـە پرسـیارێکتان لا دروسـت بـێ و بڵێـن بـۆ ئـەم قسـانە دەکـەن زۆر دڵنیایـن زۆرن ئـەو کەسـانەی کـە توانایـان هەیـەو نایخەنـە گـەڕ !! وە زۆر لـە هۆکارەکانیـش دەتوانـم بڵێـم ئەوانـەن وە مـن داواکارم لـە خـوای گـەورە، وە هیـوادارم کـە هەرکەسـێك ئـەم پرسـیارانەی لا گەڵاڵـە بـووە بەخوێندنـەوەی ئـەم چەنـد دێـڕە ببێتـە ڕچـە شـکانێك لای و دەسـت پـێ بـکات. ئـەم وەرگێرانـەی کـە لەبەردەسـتتاندایە بریتیـە لـە چـە نـد فەرموودەیەکـی پێشـەوامان درودو سـەلامی خـوای لـێ بێـت لەلایـەن د. شرف القضـاة تـەوە ڕوون کراوەتـەوە، وەمنیـش هەسـتاوم بەوەرگێڕانـی بـۆ زمانـی کـوردی وە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئایەتـە قورئانیـەکان پەنـام بردووەتـە بـەر تەفسـیری ئاسـان بـۆ تێگەیشـتنی قورئـان نووسـینی بورهـان محمـد امیـن وە سوپاسـی هەمـوو ئەوکەسـانە دەکـەم کـە یارمەتیـان دام لـەم وەرگێڕانـەدا،وەداواکارم لـە خـوای گـەورە ئـەم کارەم تەنهـا لەبەرخاتـری ئـەو کردبێـت و وەنـوری خۆیـمان لـێ نەشـارێتەوە امیـن.

# دەستپێك

الحمدللـه ، نحمـده ونسـتعينه ، ونسـتهديه ونسـتغره ، ونتـوب اليـه ، ونعـوذ باللـه مـن شرور انفسـنا ، ومـن سـيئات اعمالنـا.

والصـلاة والسـلام علـى سـيدنا محمـد ، وعلـى آلـه وصحبـه ،ومـن تبعهـم باءحسـان الـى يـوم الديـن.

لەپاشان : خوای گەورە دەفەرمووێ

((والعـصر ان الانسـان لفـى خـسر الا الذيـن آمنـو وعملـوا الصالحـات وتواصـوا بلحـق وتواصـوا باصـبر))[٥] واتـه سـوێند بەزەمانـه، سـوێند بەكاتـی عـەسر. بەڕاسـتی ئادەمیـزاد لـه زەرەرمەنـدی و خەسـارەتمەندیدایە. بێجگـه لـه وانـه كـه باوەڕیـان هێنـاوەو كارو كـردەوە چاكەكانیـان ئەنجامـداوەو ئامـۆژگاری یەكتریشـیان كـردووە كـه هەمیشـه پابەنـدی حـەق بن(پابەنـدی حەقیـش پێویسـتی بـه خۆگـری هەیـه) ، لەبەرئـەوە بـەردەوام ئامـۆژگاری یەكتریـان كـردووە تـا هەمیشـەو بـەردەوام، خۆگـرو ئارامگریـش بـن.

بەدڵنیاییـەوە هـۆی سـەركەوتنمان لەتاقیكردنـەوەی گـەورەی ئـەم ژیانـەی كەتێایدایـن ئـەوە لەكـوێ یـەو، وە لەكوێیـه وڵاتانـی ئیسـلامی ئەمـڕۆو وەئـەو شـەرتانە؟

گومـان لـەوەدا نیـه كـه خەیـری زۆریشـی تیایـه ،وە ڕۆژ لـه دوای ڕۆژیـش زیـاد دەكات سـوپاس بـۆ خـوا، بـەڵام لادانیشـی زۆر تیایـە. وە ئەگـەر بمانەوێـت ئـەو لادانانـه چارەسـه ر بكەیـن دەبێـت پێـش هەمـوو شـتێك هۆكارەكانیـان بزانیـن، وەگرنگترینـی ئـەو هۆكارانـە ئەمانـەن:

١- نەزانـی : ئەمـه چارەسـەر دەكرێـت بـه زانیـاری ڕاسـت و دروسـت، وه

---

٥ سورة العصر

بەئاگابونـەوەو هـۆش هاتنـەوە خـۆ.
٢- خراپـی دەورو بەرمـان ئـەو دۆخـەی تیایـدا دەژیـن: ئەمـەش چارەسـەردەکرێت بەکەمکردنـەوەی ئـەو خراپانـە کـە لەسـەر مرۆڤـە کان هەیـەو وە بەگۆڕانیـان بـەرەو باشـتر.
٣- خـۆش ویسـتنی دنیـاو خۆشـیەکانی بەشـیوەیەکی وەهـا کەپێـش دینەکـەی بخـات: ئەمـەش چارەسـەر دەکرێـت بـەورد بوونەوەیـەك لـە ڕاسـتێتی دونیـا ، چونکـە ئەگـەر بێـت و تۆزێـك بـەوردی لـەم دنیایـە بکۆڵیتـەوەو وەسـەیری سـەرئەنجامەکەی بکرێـت بەڕوونـی دەبینیـت ئـەوە ناهێنێـت خـۆت بخەیتـە ئـەو بـارو دۆخـەوە .
٤- لـە بیرچوونـەوەی دوارۆژ: ئەمـەش چارەسـە ر دەکرێـت بەبیرهێنانـەوەی بـەردەوام، وەبـە مـردن، بەگـۆڕ، لێپرسـینەوە، وە بـە بەهەشـت و جەهەنـەم.
بـە دڵنیایـەوە دۆزیمانـەوە دیـاری پێشـەوامان درودو سـەلامی خـوای لـێ بێـت لـە فەرموودەکانـی دڵ نەرمـی، وەگرنگترینـی ئـەو شـتانەی کـە مسـوڵمانان پێویسـتیان پێیەتـی لـەم ڕۆژەدا، بەدڵنیاییـەوە شۆڕشـێکی فکـری هەڵسـاوە لەگـەڵ ئیسـلام و وەدینەکانـی تـرو، فکرەکانـی تـردا، وە دوای ئـەم شۆڕشـە گـەورە یـە سـوپاس بـۆ خـوا هەمـووی بـە بەرژەوەنـدی ئیسـلامدا شـکایەوە ئەوەتـە دەبینیـن لەهەمـوو لایەکـەوە بەکۆمـەڵ خەڵـك دێنـە نـاو ئیسـلامەوە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ (وە ڕۆژ نیـە لـەم هەواڵانەمـان بەرگـوێ نەکەوێـت، وەیـان لەسـایتەکانەوە نەیخوینینـەوەو نەیبینیـن). بەوشـێوە ئـەو شۆرشـە دینیـە لەدنیـای فکـرەوە دەگوێزرێتـەوە بـۆ دنیـای موعامەلـە کـردن هەڵسـوکەوتمان، لـە دنیـای دواکەوتنـەوە بـۆ دنیـای پێشـکەوتن و وەبـەرەو پێشـچوونی مرۆڤایەتـی، لـە بەندایەتـی خەڵـك و دارو بـەردەوە بـۆ بەندایەتـی خـوای گـەورە. ئـەو فەرموودانـەی کـە هەڵمان بـژاردوون

لـه كتێبــی دڵ نەرمــی (الرقائـیـق) لـە كتێبــە ڕاســت و بەپێــزو ناودارەكـەی ئیمامــی بوخــاری (صحیـح البخـاری) ئەوگرفتانــە چارەســەر دەكات كـە مرۆڤ بـەرەولادان دەبـات لـە زۆر جێـگای جیـاوازەوە ،بەتایبەتـی جەخـت دەخاتـە سـەر ئـەو شـتانەی کەپەیوەندییـان بـە دڵـەوە هەیـە ئـەو دڵـەی كـە ئەگـەر چـاك بـوو هەمـوو كۆمەڵـگا چـاك دەبێـت ئەگـەر خـراپ بـوو هەمـوو كۆمەڵـگا خـراپ دەبێـت وەك پێشــەوامان فەموویەتــی درودی خــوای لــێ بێــت.
داواكاریـن لـە خـوای گـەورە ئـەم كارەمـان تەنهـا لەبەرخاتـری ئەوكردبێـت و وە ســودمان پــی بگەیەنێــت و بێبەشــمان نــەكات لــە پاداشــتەكەی.
وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین.

## پێشەکی:-

دڵ نەرمی ئەو فەرموودانەیە کەباسی ئەوشتانەی تیا کراوە کەپەیوەندیان بە دڵەوە هەیە دڵ نەرم دەکات ،وە نزیکمان دەکاتەوە لە خوای گەورە .وەپێمان دەڵێت دڵ چیە، وە چی گرنگیەکی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە ؟

مرۆڤ بریتیە لە جەستەو ڕۆح، ژیری و دڵ و نە فس، دژایەتی هەیە بۆپێناسەی هەریەکێك لەوانە لەبەرئەوە پێناسەیەکی بڕواپێکەری دیاری کراو نیە بۆهەریەکێك لەوانە ، ڕاجیاوازیەکان زۆر زۆرن ، بەڵام من ئەرکی هەریەکێك لەوانە ڕون دەکەمەوە کەچیە بەشێوەیەکی ئاسان بە پشتیوانی خوا.

## جەستە:

ئاشکرایە لای هەموان ئەرکەکەشی هەستانە بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەو بەس، ئەم جەستە تەنها هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی فەرمانەکان، واتە خۆی بۆ خۆی فەرمان نادات ئەو توانایەی نیە تەنها فەرمان جێبەجێدەکات، لەبەر ئەوەی کەوەهایە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەجەستە لە جێبەجێکردنی کاری چاکەو خراپەدا یەکسانە وە گونجاوە بۆ هەردووکیان، جا هەرلەبەر ئەمەیە کە لە شەرعدا نەسەرزەنشتی جەستە دەکات وە نە پیایدا هەڵدێت، دەبینین دەقی ڕوون کە جەستە شتێکی پێوەر نیە وەك پێشەوامان دەفەرمووێ ((

ان الله لا ينضر الى صوركم واموالكم، ولكن ينضر الى قلوبكم و اعمالكم))[6]
واته خواى گەورە سەيرى شێوەو ماڵتان ناكات، بەڵكو سەيرى دڵ و كردەوەكانتان دەكات
هەروەها خواى پەروەردگار دەفەرمووێ: (( وزاده بسطة فى العلم والجسم))[7] واتە زانست و زانيارى زۆرو لاشەيەكى بەهێزو گەورەشى داوەتێ.
ئەم پيا هەڵدانى جەستەيە بە هەڵسان بە جيبەجێكردنى كارەكانى بە شێوەيەكى ڕێك و پێك،نەك لە ڕووى ئەوەوە كەجەستە پێوەرێكە بۆ لە خوا ترسان و وە بۆ چاك گوزارى.

## ڕۆح:

بريتيە لەو هێزەى كەوا دەكات لە جەستە هەستێت بە جێبەجێكردن، ئەمە ئەوە دەگەيەنێت كە ڕۆح هۆيەكە وەيان پاڵنەرێكى ناديارە لە جێبەجێكردن، جەستە بەبێ ڕۆح هيچ تواناى كارى نيە، (دەيبينين كاتێك مرۆڤێك گيانى لە دەستداوە چۆن درێژ دەبێت لە بەر دەستمان دەبێت ئێمە هەستين بە شاردنەوەى، پێش گيان لە دەستدانى لەوانەيە پاڵەوانێك بوو بێت) نمونەى ئەم ڕۆحە وەك ئامێرێكى كارەباو كارەبا وايە، ئامێرەكە ئيش ناكات تا نەيگەيەنين بە كارەباكە، كاتێك كارەباكەمان لێ كردەوە ڕاستەوخۆ لەكار دەكەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئامێرەكە هيچ كەم و كوڕييەكى تيا نيە (گەرەنتيشى لەگەڵە).

٦ حديث صحيح، اخرجه الامام مسلم فى (( صحيحه )) (٤ /١٩٨٧ ) ، كتاب البر والصيلة والاداب؛ باب تحريم ظلم
٧ سورة البقرة: ٢٤٧

بۆمـان دەردەکەوێـت کـە ڕۆح هانـدەری جێبەجێکردنـی کارە بـە جەسـتە، جەسـتە لایەنـە مادیەکەیـەو ڕۆح لایەنـی مەعنـەوی.
لـە بـەر ئەمەیـە لـە دەقـە شـەرعیەکاندا بـەدی ناکەیـت نـە پیـا خوینـدن، وە نـە لـێ خوێنـدن بـۆ ڕۆحـی ئادەمیـزاد، تەنهـا ئـەوە نەبێـت دەتوانێـت بـەکار بهێنرێـت بـۆ چاکـە، یـان خراپـە، ئـەو ناتوانێـت بـە پێچەوانـە بێـت، وە ڕۆح خـۆی بـۆ خـۆی ناتوانێـت ڕازی ببێـت وەیـان ڕازی نەبێـت وەیـان نکوڵـی بـکات.

## ژیری:

سـەر گەورەیـە، لـە هەمـوو شـتێکدا ئـەو دەتوانێـت پێـش بینـی بـکات لـە کارەکانـدا وەبیـر لەسـەرەنجامەکەی بکاتـەوە چـۆن دەبێـت، چـۆن نابێـت، لێکـی بداتـەوەو هەڵـی بسـەنگێنێت بەهەمـوو لایەکـدا، ئەگـەر ئـەم ژیریـە هیدایـەت دراو و ژیـر بـوو، بـە ئاینـی ئیسـلام فەرمانمـان بـە چاکـە پـێ دەکات وە ئەگـەر بـە پێچەوانـە بـوو ئەویـش بـە پێچەوانـە دەبێـت و وا دەزانێـت چاکەیـە.
لـە بـە ر ئەمەیـە ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام زۆر جـە خـت دەکات لـە سـە ر ژیـری، ڕۆشـنبیرکردنی ئـەم ژیریـە بـە ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام، تـا کاتێـك کـە ژیـری کـە فەرمانـی کارێکـی دا بـە دڵ کارەکـەی پەسـەندوو گـەورە بێـت، تـا شـەیتان نەتوانێـت بـاوەڕی پـێ بهێنێـت دوای ئـەوەی کـە ئـەم بـاوەڕی بەڕاسـتی هێنـاوە.

## دەروون:

سـەرگەورەی دووهەمـە، وە پێـوەری خۆشـی و  ناخۆشـی وقازانـج و زەرەرو چاکـەو خراپەیـە بەشـیوەیەکی کـورت. سـەیری سـەر ئەنجامـی کارەکان نـاکات.
 زۆربـەی کات شـەیتان زەفـەر بـە مرۆڤـەکان دەگەیەنێـت لـە ڕێگـەی دەروونەوەیـە چونکـە ئـەوە شـوێنی گـەورەی لاوازی مرۆڤـە.
 هـەر لەبـەر ئەمەیـە ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام زۆر جەختـی کـردووە لـە سـەر ڕاهینـان و پـەروەردە کردنـی دەروون، کـەم کردنـەوەی گاریگـەری لەسـەر دڵ، داخسـتنی دەرگاکانـی شـەیتان لەسـەری، ڕاهێنانیـی لـەوەی کـە حـەزی لـێ نـاکات.
ڕاسـتە کـە شـاعیر دەڵـێ: دەروون وەك منـداڵ وایـە ئەگـە ر وازی لـێ بهێنیـت گـەورە دەبێـت و هـەر حـەزی لـە شیرە، وە ئەگـەر بڕیتـەوە دەبڕێتـەوە[8]
بـەم شـێوەیە ، ژیـری و دەروون هیـچ توانایەکیـان نیـە جگـە لـە  پێشـبینی و مشـتومڕ کـردن، توانـای بریاردانیـان نیـە، کـێ توانـای بڕیاردانـی هەیـە دڵ.

## دڵ:

خاوەنـی بڕیاردانـە گـوێ دەگرێـت لـە ژیـری و دەروون، گـوێ دەگرێـت لەئـەو گفتوگـۆو بەربەرەکانیـە کـە دەیکـەن لەبەینـی خۆیانـدا دوای ئـەوە دڵ دوا بڕیـار وەردەگرێـت ،وە دڵ بریتـی یـە لـە چەنـد جۆرێـك.

8 وە لـە کـوردەواری خۆشـماندا وتویانـە نەفـس بیگریـت پـڕی مشـتێکە وە کـە بـەری دەیـت پـڕی دەشـتێکە

## جۆری یەکەم: دڵی ساف و بێ گەرد:

ئە و دڵەیە کە چاکە هەڵ دەبژێرێت، بڕیار نادات تەنها بەچاکە نەبێت و وە بە ئەوەی کە پەروەردگای پێی ڕازیە، ئەمەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە وەك دەفەرمووێ (( یوم لا ینفع مال ولا بنون الا من اتی الله بقلب سلیم ))[9] واتە مەگەر کەسێك بە دڵ و دەروونی پاك و بێگەردو پڕ لە ئیمان، بە خزمەت پەروەردگار گەشتبێت.

## جۆری دووهەم: دڵی نەخۆش:

(دڵی نەخۆش بەمەست لە لایەنە مادیەکەی نیە) دڵی نەخۆش ئەوەیە کە خراپە هەڵدەبژێرێت، بڕیار دەدات بەوەی کە خوای گەورە تورە دەکات، خوای گەورە دەفەرمووێ (( فی قلوبهم مرض فزادهم الله مرضا ولهم عذاب الیم بما کانوایکذبون ))[10] واتە ئەوانە لە دڵ و دەروونیاندا نەخۆشی بێ باوەڕی و حەسوودی و کینە هەیە خواش (بەسەرخستنی حە ق و ئیمانداران) ئەوەندەی تر دەردیان گران و کاریگەر دەکات و سزایەکی سەختیش (لە دنیا و قیامەتدا) چاوەرێیانە بەهۆی درۆکردن و (دژایەتیان بۆ ئیسلام).

---

٩ سورة الشعراء ٨٩

١٠ سورة البقرة : ١٠

## جۆری سێهەم: دڵی ڕەق:

ئەو جۆرە دڵەیە کە نەخۆشی پێ گەشتووەو خراپەکارە، خوای گەورە مۆری ناوە بەم جۆرە دڵانەدا وەکو دەفەرمووێ (( ثم قست قلوبكم من بعد ذلك فهى كلحجارة او اشد قسوة ))[11] واتە پاشان لەوەودوا دڵەکانتان ڕەق بوو، (ئەی جولەکەکان) هەروەك بەرد بەڵکو رەقتریش. هەروەها دەفەرمووێ (( فويل للقاسية قلوبهم من ذكر الله اولئك فى ضلال مبين ))[12]. واتە هاوار و وەیل بۆ ئەوانەی کە دڵیان رەقە لە ئاستی قورئان و یادی خوادا، ئائەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا گیریان خواردووە.

هەروەها دەفەرمووێ (( كذلك يطبع الله على قلوب الكافرين ))[13] واتە ئابەو شێوەیە خوا مۆر دەنێت بەسەر دڵی بێ باوەڕاندا. شوێنی دڵ لە سینگدا ، خوای گەورە دەفەرمووێ (( فاءنها لا تعمى الابصار ولكن تعمى القلوب التى فى الصدور ))[14] واتە جا وەنەبێت چاوان کوێر بووبێت، بەڵکو ئەو دڵانە کوێر دەبن کەوان لە سینەکاندا (چونکە هەر ڕواڵە ت دەبینن و ناوەرۆك لێك نادەنەوە). دەکرێت ئەو ناولێنانە بۆ شتی تریش بکرێت، دەشکرێت هە ر خۆی بێت، وە لەوانەشە شتێکی مادی نەبێت، خوا خۆی زانایە.

دەشکرێت ئەو وشانە بۆ شتی تریش بەکار بهێنرێت جگە لەوەی کە من باسم کردووە بەشێوەیەکی نادیار، بۆ نموونە وەکو ناو لێ نانی دەروون بەزات.

---

١١ سورة البقرة : ٧٤
١٢ سورة الزمر : ٢٢
١٣ سورة الاعراف : ١٠١
١٤ سورة الحج : ٤٦

لای زۆر کەسانێك ئەو بیرۆکەیە یان بە هەڵە وەرگرتووە کە پێیان وایە ژێری خاوەنی بڕیاردانە، ئەوە هەڵەیەکی بەربڵاوە هیچ ڕاستیەکی تیا نیە. بەڵگەمان هەیە لەسەر ئەم قسانە.

یەکەم: لەبەر ئەوەی مرۆڤ زۆربەی کاتەکان باوەڕ دەکات بەگرنگی کار بە هۆی ژێریەوە بەڵام زۆر جار ناشیکات، بۆ نموونە قوتابی باوەڕ دەکات بەگرنگی خویندن کەچی قوتابی وا هەیە ناخوێنێت، لە ناو مسوڵمانیشدا هەیە باوەڕی هەیە بە خوای گەورەو باوەڕی هەیە بەئەوەی کە نوێژ واجبە کەچی نوێژ ناکات!! (زۆر برادەرم هەیە کاتێك باسی دین و ئیسلام دەکەین پێکەوە دەڵێن واللە باوەڕم بە دینی ئیسلام هەیە بەتەواوی وە خوای گەورەشم خۆش دەوێ، مسوڵمانانم خۆش دەوێ ڕقم لە دوژمنانی دینە، کەچی نوێژیش ناکەن) هەروەها هەشە باوەڕی هەیە بە نەکردنی شتێك کەچی دەشیکات، بۆ نموونە جگەرە کێش باوەڕ دەکات کە گرنگە جگەرە تەرك بکات بەهۆی ژێریەوە لەبەر چەندەها زەرەرو زیانی کەچی تەرکیشی ناکات[15] وە هەروەها،جا خۆ ئەگەر ژێری خاوەنی بڕیار بوایە ئەوی کە دەرکی پێدەکرد جێبەجێی دەکرد، بەڵام

١٥ لێرەدا بەسەرهاتێکم هاتە وە یاد لە لندن لەگەڵ چەند کە سێکدا لە کارگەیەکدا کارمان دەکرد، یەکێك لەو کەسانەی کە کارمان لەگەڵدا دە کرد لاویك بوو ئە م لاوە خۆی لە هیچ شتێکی حەرام نەدەگێرایەوە بەشێوەیەکی وەها هەرگیز گومانت بەلای ئەوەدا نەدەڕۆشت کە ئەم لاوە مسوڵمانە، تا ڕۆژێك لە کاتی حەسانەوەدا بوو لەو کاتەی کە زۆرکات کارمەندەکات پێکەوە گفت و گۆ دەکەن، کابرایەك دەستی کرد بە قسە کردن لە سەر ئیسلام بە خراپە، بە شێوەیەکی قەشمەریانە، ئەم لاوەی کە باسی دەکەم لە پڕ پەلاماری کابرای داو بەرۆکی گرت و بە قایمی ڕای تەکاند بەشیوەیەکی وا کەخەریك بوو لە بەردەمیدا ببورێتەوە وەتا کارمەندەکانی تر دەستیان گرت و لە یەکیان کردنەوە ، جا لە وکاتەدا ئەم لاوە بە توڕەیەکی زۆرەوەو بە دەم ڕاتەکاندی کابراوە پێی دەووت تۆ نازانی من مسوڵمانم ؟ باوەڕم بە خوا هەیە واللەی ئەگەر بێت و جارێکی تر لە و جۆرە قسانە بکەیت واو وات پێ دەکە م، بەڕاستی جێگەی سەر سوڕمان بوو!! جا لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆر کەس هەیە باوەڕی هەیە بە لام کاری پێ ناکات.

ئـەو شـتانەی کـە ژێـری بـاوەڕی پێیەتـی دەگەیـەت بـە دڵ بەشـێوەیەکی پچـڕاو ئـەم قەناعەتـە ناگەیـەت بـە دڵ هەتـا کاردانـەوەی لەسـەری هەبێـت ئەمـەش دوای لـە کارەکانـدا دەردەکەوێـت.

دووەم: پێشـەوامان درودو سـەلامی خـوای لەسـەربێت دەفەرمـووێ: (( الا وان فـی الجسـد مضغـة اذا صلحـت صلـح الجسـد کلـه واذا فسـدت فسـد الجسـد کلـه الا وهـی القلـب))[16] واتـە لەنـاو جەسـتەدا پارچەیـەك هەیـە ئەگـەر بـاش بـوو ئـەوا هەمـوو جەسـتە بـاش دەبێـت وە ئەگـەر خـراپ بـوو هەمـوو جەسـتە خـراپ دەبێـت ئـەو پارچەیـەش بریتیـە لـە دڵـە.

جـا لەبـەر ئەمەیـە کـە ئیسـلام زۆر جەخـت دەخاتـە سـەر دڵ چونکـە دڵ خاوەنـی بڕیاردانـە، شـوێنی سـەرەکیەو کاریگـەرە لـە سـەر هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ، بـێ گومـان نەزانـی کـەم ئەگـەر کار کـرا لەشـوێنی سـەرەکی وە زیاتـر کاردانـەوە دەبـێ وەهەوڵێکـی زۆری دەوێ ئەگـەر لـە شـوێنی گونجـاودا نەبێـت، بـۆ نموونـە ئەمـە وەکـو ئـەوە وایـە کـە دەیـان کـەس بیانەوێـت شـاحینەیەك پـاڵ بنێـن بـەرەو پێـش وە شـوفێرەکەش بـە پێچەوانـەی ئەوانـەوە، گومـان لـەوەدا نیـە کـە شـوفێرەکە دەتوانێـت شـاحینەکە بجولێنێـت بـە هـەر لایەکـدا بیەوێـت زۆر بـە ئاسـانی بەڵکـو هـەر بەسـەر پەنجەکانـی دەتوانێـت بـڕوات، چونکـە کاری ئـەم شـوفێرە لـە شـوێنێکی گونجـاودا بـووە بـەڵام نەفەرەکانـی ترنەگونجـاو بـووە.

بـەم شـێوەیە بانگـەواز بـۆ لای خـوای گـەورە، وە ڕاهێنانـی تـاك و کۆمـەڵ بـە بەرانبـەر بـە ژێـری و دڵ سـەرکەوت و سـەرفراز بـوو بـەڵام بـەس بـە تەنهـا ژێـری بـاوەڕ دەکات بـەڵام ڕێگەیـەك نیـە بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارە عەمەلیـەکان لـە ژیانـدا.

---

16 ((صحیح البخاری بشرح فتح الباری (١/١٢٦). کتاب الاءمان، باب فضل من استبرآ لدینه ، رقم الحدیث (٥٢).

بـه دڵنیاییـەوە تەنها باوەڕهێنـان ناگونجێت دەبێت ژیریـش بەڕاسـتی بزانێـت بەڕاسـت زانینێکـی بـێ گومانیانـەوە بەهەمـوو شـتێکی ئاییـن بـە پێویست، یانـی بـە پێویستی بزانێت – ئەوەی کـە بەشێوەیەکی بڕاوە یانـی بێگومانییـەوە چەسـپاوە لـە ئایـن دا – وە لـە دڵـەوە ملکەچـی بیـن وە بـە ئارامیەکـی دڵـەوە بـەم بەڕاسـت زانینـە، بـۆ نموونـە شـەیتان بـاوەڕی هێنـا بەئاینـی ئیسـلام بەگشـتی لـە ڕووی ژیریـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە ئیمانـدار ناژمیـرێ چونکـە مـل کەچیەکـەی لـە دڵـەوە نەبـوو بەمـە، هەروەهـا زۆربـەی بـێ بـاوەڕەکان لـەم کێشـەدان، بۆمـان دەردەکەوێت کەباوەڕهێنـان نەگونجـاوە نابێـت تەنهـا هـەر بـە دڵ یـان هـەر بەژێـری بێـت دەبێـت هەردووکیـان پێکـەوە بێـت ئەوسـا بـە ئیمانـدار حسـێبە.
هەروەهـا ئەمەشـە جیاوازیەکـی گرنـگ لەنێـوان ئایـن و فەلسـەفەدا، دینـەکان (بـە تایبەتـی ئیسـلام) توانیـان گۆڕانـکاری بهێنـن بـە کۆمەڵـگادا بـۆ شـێوەیەکی باشـتر، لەبـەر ئـەوە هـەم لەگـەڵ ژیـری وە هـەم لەگـەڵ دڵ وە هـەم لەگـەڵ دەروونـدا دەدوێـت (هەمـوو لایەنـەکان بـە شـێوەیەکی پارسـەنگ). کەچـی فەلسـەفە هەزارەهـا سـاڵی بـڕی و سـەرنەکەوت لـە بنیاتنانـی کۆمەڵگـەدا، لەبەرئـەوە فەلسـەفە تەنهـا لەگـەڵ ژیریـدا دەدوێـت ...
جـا لەبـەر ئـەوە هەڵەیـە دووان لەگـەڵ ژیریـدا بـە تەنهـا، بـە دڵنیاییـەوە سـوودی نابێـت تەنهـا نـەزەری دەبێـت و وشـك و زڕو بـێ گیـان دەبێـت، سـاردو سڕ دەبێـت هیـچ گـەرم و گـوڕی تیـا نابێـت.
دەبینیـن قورئانـی پیـرۆز بـەوردی وە بەنەرمـو جوانـی ڕوو بـەڕووی دڵ دەبێتـەوە بـۆ چەسـپاندی بـاوەڕ بەبـێ ئـەوەی ژیریـش پشـت گـوێ بخـات، مامەڵـە کردنـی قورئـای پیـرۆز لـە کـوێ بـۆ پـەروەردە کردنـی ئیـمان و وەئـەو

مامەڵانـەی تـر کـە دەرکەوتـن لـەم زەمانانـەدا لـە ژێـر ناونیشـانی زانیـاری کـەلام.
هەروەهـا دەبێـت مسـوڵمانی بانگەوازکـەر ڕوو بـەڕووی ژیـری و دڵ ببێتـەوە پێکـەوە تـا کاریگـەری هەبێـت، بـەڵام لـە هەندێـك کاتـدا دەبێـت زیاتـر ڕوو بـەرووی ژیـری ببێتـەوە بـۆ نموونـە وەکـو ووتـارە زانسـتیەکان، لـە هەنـدێ کاتـی تریشـدا زیاتـر ڕوو بـەڕووی دڵ وەکـو وانـە ئامۆژگاریـەکان و ووتارەکانـی هەینـی.

# تاقیکردنەوە بە نیعمەت

عـن ابـن عبـاس رضـی اللـه عنهـا قـال: قـال النبـی صلـی اللـه علیـه وسـلم: ((نیعمتـان مغبـون فیهـما کثیـر مـن النـاس: الصـة والفـراغ))[17]
واتـە کـوڕی عەبـاس ڕەزای خـوای لـێ بێـت دەگێڕێتـەوە کـە پێشـەوامان درودی خـوای لـێ بێـت فەرموویەتـی دوو نیعمـەت هەیـە کـەوا زۆرینـەی خەڵـك سـتەم لێکـراون تیایـدا وە ئـەو دوو نیعمەتـەش لـەش سـاغی و بەتاڵەیـە، کات.
دڵنیایـن لـەوەی کـە خـوای گـەورە مرۆڤـی تەنهـا بـۆ تاقیکردنـەوە و نارەحەتـی دروسـت کـردووە، وەکـو دەفەرمـووێ ((الـذی خلـق المـوت والحیـاة لیبلوکـم ایکـم احسـن عمـلا وهـو العزیـز الغفـور))[18] واتـە هـەر ئـەو خـۆی مـردن و ژیانـی بەدیهێنـاوە، تـا تاقیتـان بکاتـەوە، کێتـان کـردەوەی چاکتـرو پەسـەند تـرە، هـەر ئەویـش زاتێکـی بـاڵا دەسـتە بەسـەر بـێ باوەڕانـدا، لێخۆشـبووە

17 ((صحیح البخاری))، انضر (( فتح الباری)) (١١/ ٢٢٩)، کتاب الرقاق، الباب الاءول، رقم الحدیث (٦٤١٢).
18 سورة تبارك ٢

لە ئیمانداران.
ئادەمیزاد هەمووی لە هۆڵی تاقیکردنەوەدایە هەموو دنیا دەگرێتەوە، وەسەر پەرشتیارمان بەسەرەوەیە هەموو شتێك تۆمار دەكەن لە گەورەو بچووك ((ما یلفظ من قول الا لدیه رقیب عتید))[١٩] واتە كاتێك فریشتە چاودێرەكەی ئادەمیزاد كەلەلای ڕاست و چەپیەوە دانیشتوون، (هەموو گوفتارو كردارێكی تۆمار دەكەن بە دەزگای زۆر پێشكەوتوو). جەستەمان گەواهیمان لەسەر دەدەن، زەوی گەواهیمان لەسەر دەدەن، خەڵكی هەندێكی گەواهی لە سەر هەندێكی تر دەدات، وە خوای گەورەش لەسەرووی هەموویەوە شایەتە بەسەرمانەوە.
ماوەی ئەم تاقیكردنەوەش لەكاتی گەورە بوونەوەیە یانی گەشتن بە بلوغی تا كاتی مردن، كاتی تاقیكردنەوەی قوتابی قوتابی دەزانێت چەندێك كاتی بەدەستەوە ماوە، بەڵام مرۆڤەكان نازانن چەند لەتەمەنیان ماوە. ئەگەر بێتو بە قوتابی بووترێت كاتێكی دیاری كراو نیە بۆ تاقیكردنەوەكەتان، بۆمان هەیە لە هەركارتێكدا بێت وەرەقەی وەڵامەكانتان لێ وەرگرین،ئەوكاتە قوتابی هەوڵ دەدات بەهەموو توانایەكیەوە زۆر زوو وەڵامی پرسیارەكان بە باشترین شێوە بداتەوە، هەروەها مرۆڤیش دەبێت بە هەڵی بزانێت هەموو خولەكێك، بەڵكوهەموو چركەیەك بۆ بردنەوەی ئەم تاقیكردنەوە.
بەڵام پێداویستی تاقیكردنەوەی قوتابی پێنوس و وەرەقەی تایبەتیە بۆ تاقیكردنەوەكە، وە هەروەها.. بەڵام پێداویستی تاقیكردنەوەی مرۆڤەكان جەستەیەتی، كاتیەتی، سامانیەتی، زانیاریەتی، وە هەموو تواناو هەوڵیەتی ئەوەی كە هەیەتی.

---
١٩ سورة ق ١٨

ئـەم تاقیکردنـەوە چەنـد پرسـیارێکی جـۆراو جـۆر لـە خـۆ دەگرێـت ئەمانـەی لای خـوارەوەن.

١-ئـەو شـتانەی کـە فەرمانمـان پـێ کـراوە یـان فـە رز کـراوە لەسـەرمان،کە دەبێـت بیـان کەیـن.

٢-ئـەو شـتانەی کـە داوامـان لـێ کـراوە تەرکـی بکەیـن و وە ئەوشـتانەی کـە قەدەغـە کـراون و دەبـێ لێـی دوور بیـن.

٣- ئەو نیعمەتانەی کە پێمان بەخشراوە دەبێ سوپاسی لەسەر بکەین.

٤- بەڵاو موسیبەت دەبێ ئارام بین لەسەری.

ئـەو فەرموودەیـەی باسـی نیعمـەت دەکات ئـەوەی کـە دەبێـت سـوپاس گـوزاری لەسـەر بکەیـت تـا مرۆڤـەکان بـێ هیـوا نەبـن. فەرمـوودە لەسـەر نیعمـەت زۆرن بـەڵام ئێمـە کورتیـان دەکەینـەوە لەمانـەی خـوارەوەدا.

١- بـە دڵنیاییـە وە خـوای گـەورە نیعمەتـی زۆر زۆرە لەسـەرمان، لـە ژمـارەدا نایـەن ئەوەنـدە زۆرن وەکـو خـۆی دەفەرمـووێ (( وان تعـدوا نعمـة اللـه لا تحصوهـا ))[٢٠] واتـە خـۆ ئەگـەر بێـن و بتانەوێـت نـازو نیعمەتەکانـی خـوا بژمێـرن، بۆتـان ناژمێردرێـت( لـە ئەندامەکانـی دەرەوەو نـاوەوەی خۆتـان و ئـەو رزق و ڕۆزیانـەی کەدەیخـۆن و ئـەو پۆشـاك و رایـەخ و ناوماڵـەی بـەکاری دەهێنـن ....هتـد سـەرەڕای هـەزاران هـەزار دروسـتکراوانی تـری نادیـار لەجیهانـی ماددەو رووەك و گیانـدارو ...هتـد سـەرەڕای کـەم سوپاسـیتان لـەو هەمـوو نـازو نیعمەتـە بـێ شـومارە.

وەکـو نیعمەتـی ئیـمان، ژیـری، بیسـتن، بینیـن تەندروسـتی، دایـك و بـاوك، سـامان،بەڵکو لـە هەمـوو سـێڵێك لـە سـێڵەکانی لەشـمان نیعمەتانێکـی زۆری تیایـە بەشـێوەیەك کـە لـە ژمـارەدا نایـەن.

---

٢٠ سورة النحل ١٨

هەژارێـك دەچێتـە لای زانایـەك و سـكاڵای هەژاریەكـەی خـۆی دەكات و بەزاناكـە دەڵـێ خـوای گـەورە هیـچ نیعمەتێكـی بـە مـن نـەداوە، یەكێـك جوابـی دەداتـەوە پێـی دەڵـی: ئایـا تۆچاوتـم پـێ دەفرۆشـی بەسـەد هـەزار؟ ووتـی : نـا، هـەم پێـی ووت بیسـتنت دەفرۆشـی بەسـەد هـەزار؟ دەسـتت دەفرۆشـی بەسـەد هـەزار؟ قاچـت دەفرۆشـی بەسـەد هـەزار؟ ژیریـت دەفرۆشـی بەسـەد هـەزار؟ ئەویـش هـەر لـە وەڵامـدا دەڵـی نەخێـر، وە ئەویـش پێـی ووت: تـۆ سـكاڵا دەكەیـت كـە هەژاریـت لەگـەڵ ئەوەشـدا خاوەنـی سـەدەها هەژاریـت!!! كابـرا بـۆی دەركـەوت و زانـی كـە نیعمەتـی غەیـری مـاڵ گەورەترێكـە لـە نیعمەتەكانـی مـاڵ، نیعمەتەكانـی خـوا لـە ژمـارەدا نایـەن.

٢-بێگومـان نیعمـەت و نارەحەتـی هەمـووی تاقیكردنـەوەن. هەتـا ئەگـەر بێـت و بەلامانـەوە ڕێـزو پاداشـت بێـت، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا تاقیكردنەوەیـە، وەك خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (فَأَمَّـا الْإِنْسَـانُ إِذَا مَـا ابْتَـلَاهُ رَبُّـهُ فَأَكْرَمَـهُ وَنَعَّمَـهُ فَيَقُـولُ رَبِّي أَكْرَمَن،وَأَمَّـا إِذَا مَـا ابْتَـلَاهُ فَقَـدَرَ عَلَيْـهِ رِزْقَـهُ فَيَقُـولُ رَبِّي أَهَانَـن،كَلَّا)[21] واتـە جـا كاتێـك ئادەمیـزاد لەلایـەن پەروەردگاریـەوە ڕێـزی لـێ دەنێـت و نـازو نیعمەتـی بەسـەردا دەڕێژێـت، دەڵێـت: (بەخـوا وا دیـارە) پـەروەردگارم خۆشـی دەوێـم ڕێزیـم هەیـە لای.

هەروەهـا دەفەرمـووێ: (وَلَـوْلَا أَنْ يَكُـونَ النَّـاسُ أُمَّـةً وَاحِـدَةً لَجَعَلْنَـا لِمَـنْ يَكْفُـرُ بِالرَّحْمَـنِ لِبُيُوتِهِـمْ سُـقُفًا مِـنْ فَضَّـةٍ وَمَعَـارِجَ عَلَيْهَـا يَظْهَرُونَ،وَلِبُيُوتِهِـمْ أَبْوَابًـا وَسُرُرًا عَلَيْهَـا يَتَّكِئُونَ،وَزُخْرُفًـا وَإِنْ كُلُّ ذَلِـكَ لَـمَّا مَتَـاعُ الْحَيَـاةِ الدُّنْيَـا وَالْآخِـرَةُ عِنْـدَ رَبِّـكَ لِلْمُتَّقِـينَ)[22] واتـە ئەگـەر لەبەرئـەوە نەبوایـە خەڵكـی هەمـووی دەبـوون بـە یەكپارچـە (لـە بـێ بـاوەڕی و تاوانكاریـدا) ، ئـەوە هـەر كـەس

٢١ سورەتی الفجر ١٥-١٧
٢٢ سورەتی الزخروف ٣٣-٣٥

بـاوەڕی بەخـوای میهرەبـان نەبوایـە سـەقفی خانووەکەیـمان لـە زیـو بـۆ دروسـت دەکـرد، هەروەهـا قادرمـەو ئاسانسـوارمان بـۆ دەکـردن تـا بەسـەریدا سـەربکەون و دەربکـەون.. ، هەروەهـا بـۆ ماڵەکانیـان قاپـی و دەروازەی زیـو و کورسـی قەنەفـەی رازاوەشـمان پێدەبەخشـین تـا پـاڵ بدەنـەوە و شـانی لەسـەر دادەن... بـە هەمـوو جـۆرە نەخـش و نیگارێکـی جـوان و رازاوە (دارو دیـوارو سـەقف و دەرگاو کەلوپەلـی نـاو ماڵەکانیانمـان دەڕازانـدەوە)، جـا ئـەوە هـەر هەمـووی خۆشـگوزەرانی ژیانـی دنیـا نەبێـت هیچـی تـر نییـە، لـە کاتێکـدا کـە ژیانـی پـڕ لـە خۆشـی و بەختـەوەری نەبـڕاوە لای پـەروەردگارت بـۆ خواناسـان و دوورە پەرێـزان لـە تـاوان.

خـۆ ئەگـەر نیعمـەت ئیکـرام بوایـە ئـەو کاتـە پێغەمبـەر دەبوایـە دەوڵەمەندتریـن کـەس بوایـە، وە زۆرتریـن ماڵـی هەبوایـە، بێبـاوەڕ دەبوایـە هیـچ شـتێکی نەبوایـە لـەم جیهانـەدا بەتـەواوی.

نمونـەی ئەمـە وەك ئـەوە وایـە مامۆسـتا بـۆ هـەر قوتابیـەك پەرتوکێکـی بداتـێ، وە پەرتوکـی هەندێکیـان گـەورە بێـت، وە پەرتوکـی هەندێکیـان مامناوەنـدی بێـت و هەندێکیـان بچـوك بێـت، خاوەنـی پەرتوکـی گـەورە دڵخـۆش دەبێـت، وە خاوەنـی پەرتوکـی بچکۆلـە بـە پێچەوانـەوە. وە دوای دابـەش کردنـی پەرتوکـەکان مامۆسـتاکە بڵـێ بـۆ هـەر قوتابیـەك تاقـی دەکرێتـەوە لـەو پەرتوکـەی پێـی دراوە، بێگومـان خاوەنـی پەرتوکـی بچـوك دڵخـۆش دەبێـت، وە هەمـوو ئەوانـی تـر ئـاوات دەخـوازن کـە کتێبەکەیـان بچـوك بوایـە، چونکـە تاقیکردنەوەکـە ئاسـان تـر دەبێـت، هەروەهـا ئـەم جیهانـەش وایـە، (هەمـوو کـەس پرسـیاری لێدەکرێـت لـەوەی کـە بوویەتـی جـا ئەگـەر کەمـی هەبـوو بێت بێگومـان ئاسـانتر دەبێـت لـەوەی کـە زۆری هەبـووە، وە هەژاریـش پێـش دەوڵەمەنـد دەچێتـە بەهەشـت لەبـەر ئـەوە

زۆر ماڵـی نەبـووە پرسـیاری لـێ بکـەن بەپێچەوانـەی دەوڵەمەنـدەوە).
لێـرەدا دەردەکەویـت کـە نیعمـەت ڕێـزو تەقدیـر نیـە بەڵکـو نارەحەتـی و تاقیکردنەوەیـە. جا لەبـەر ئەمەیە کە سـەروەت و مـاڵ پێـوەر نیـە لای خـوای گـەورە، بەڵکـو پێـوەر بـاوەڕو کـردەوەی چاکـە وەك پـەروەردگار دەفەرمـووێ: (إِنَّ أَكْرَمَكُـمْ عِنْـدَ اللَّـهِ أَتْقَاكُـمْ)[23] واتـە بەڕاسـتی بەڕێزترینتـان لای خـوا ئـەو کەسـانەتانە کـە زۆرتـر لـە خواترسـەو فەرمانبـەرداری خوایـە.
٣- سـەرکەوتن لـەم تاقیکردنـەوە، بـە سـوپاس گـوزاری دەبێـت بەرانبـەر نیعمەتـەکان. سـوپاس گـوزاری چەنـد جۆرێکـن :
أ-سـوپاس گـوزاری بـەدڵ: ئـەم سـوپاس گوزاریـە جێگیـر دەبێـت بـە باوەڕێکـی تـەواو و هەسـتێکی دڵـی کـە هەمـوو نیعمەتێـك لەلایـەن خـوای گـەورەو تـاك و تەنهـاوە دێـت وەك دەفەرمـووێ: (وَمَـا بِكُـمْ مِـنْ نِعْمَـةٍ فَمِـنَ اللَّـهِ)[24] واتـە هەرچـی نـازو نیعمەتێکتـان هەیـە هەمـووی بەهـرەو بەخششـی خوایـە.
ئـەوە دەگەیەنێـت کـە هەمووشـت تەنهـا لەلایـەن خواوەوەیـە، لـە فەرموودەیەکـی ابـن عباسـەوە هاتـووە (( وعلـم ان الامـة لـو اجتمعـت علـى ان ينفعـوك بشـيء لم ينفعـوك الا بشـيء قـد كتبـه اللـه لـك...))[25] واتـە بزانـە ئەگـەر هەمـوو خەڵـك کۆببنـەوە بـۆ ئـەوە سـودێکت پێبگەیەنـن ناتوانـن مەگـەر خـوای گـەورە نوسـیبێتی بـۆت..
مـرۆڤ دوای ئـەوە تەنهـا وەك کەرەسـتەیەك وایـە بـۆ قـەدەری خـوای گـەورە، ئـەوان خاوەنـی ئـەو چاکانـە نیـن کەخۆیـان هەیانـە، چـۆن دەبنـە خاوەنـی

٢٣ سورەتی الحجرات ١٣
٢٤ سورەتی النحل ٥٣
٢٥ ((جامع الترمذی)) (٤/٧٦)، كتاب القيامة، الباب الاخيرة، رقم الحديث ( ٢٦٣٥ ، وقال: حديث حسن صحيح.

چاکـەی کەسـانی تـر.

ب-سـوپاس گـوزاری بـە زوبـان: ئەویـش بـە زۆر و بـەردەوام وتنـی (الحمـد للـە) باسـی نیعمەتەکانـی خـوای گـەورە ( واما بنعمـة ربـك فحـدث) لەگـەڵ وریایـی لـە ڕیـا، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـتی ئـەوە بـوو کەسـانی تـر چـاوی لێبکـەن لەسـەر چاکـە ئاسایيە، سوپاسـگوزاری وەکـو ووتـەی چاکـە، قورئـان خوێنـدن، فەرمـان دان بەچاکـەو بەرگـری کـردن لـە خراپـە، فێرکردنـی زانیـاری و ئـەو جـۆرە شـتانە.

ج-سـوپاس گـوزاری بـە کـردەوە: خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (اعْمَلُـوا آلَ دَاوُدَ شُـكْرًا وَقَلِيـلٌ مِـنْ عِبَـادِيَ الشَّـكُورُ)[٢٦] واتـە پێـمان وتـن: ئـەی نـەوەو شـوێنکەوتوانی داود، ئێـوە بـە کـردارو گوفتـار سوپاسـگوزار بـن (چاکـە لەگـەڵ خەڵکیـدا بکـەن)، هەرچەنـدە کەمێـك لـە بەندەکانـم زۆر سوپاسـگوزارن.

سـوپاس گـوزاری بـە کـردەوە کۆمەڵێـك جـۆری هەیـە جیاوانـی هەیـە لەگـەڵ یەکتریـدا، یەکـێ خـوای گـەورە هیدایەتـی داوە دەبێـت خەڵکـی بـۆ بانـگ بـکات بەهەمـوو توانایەکیـەوە، یەکـێ خـوای گـەورە ژیریەکـی باشـی پێـداوە لەگـەڵ زانیاریەکـدا دەبێـت خەڵکـی پـێ فێـر بـکات، وە بـەکاری بهێنێـت بـۆ چارەسـەری گرفتەکانـی مسـوڵمانان بـە گشـتی و تایبەتـی، یەکـێ خـوای گـەورە ڕزقـی داوە بـە بەدەنێکـی بـاش و سـاغ و بەهێـز دەبێـت هـەوڵ بـدات لـە پێنـاوی خـوادا، یەکـێ خـوای گـەورە رزقـی داوە بـە سـەروەت دەبێـت لـە پێنـاوی خـوادا سـەرفی بـکات بـە نهێنـی و ئاشـکرا، سـوپاس گـوزاری کـردەوە ئەوەیـە هەمـوو ئـەو نیعمەتانـە بەکاربهێنیـن لـە گوێڕایەڵـی خـوای گـەورەدا نـەك لـە سـەرپێچیدا.

سـوپاس گـوزاری سـێ جـۆرە وەك باسـمان کـرد زیـاد دەکات لـە دونیـادا وەك

---

٢٦ سورەتی سبا ١٣، تێبینی لە کتێبەکەدائایەتی ١٥ نوسراوە

خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (لَـئِنْ شَـكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُـمْ وَلَـئِنْ كَفَرْتُـمْ إِنَّ عَـذَابِي لَشَـدِيدٌ)[٢٧] واتـە سـوێند بەخـوا ئەگـەر سوپاسـگوزارو شـوكرانە بژێـن بـن، رزق و رۆزی و نـازو نیعمەتتـان بەسـەردا دەڕژێنـم و زیـادی دەکـەم، بـەڵام ئەگـەر ناشـوكرو سـوپاس گوزارنەبـن، بەڕاسـی ئـەو كاتـە ئیـتر تۆڵـە و سـزای مـن زۆر بـە ئـازار دەبێـت.

سـوپاس گـوزاری هۆکارێکـە لە هـۆکارەکان بـۆ ڕزگار بوون لـە دونیـادا، بێگومان سـەرکەوتنی ئەوانـەی کـە لەگـەڵ للـوط دا بـوون سـەلامی خـوای لـێ بێـت، وە ڕزگار بوونیـان لـە سـزا، پاداشـتێك بـوو لەسـەر سـوپاس گوزاریـان، وە گوێڕایەڵـی خـوای گـەورە ،وەك دەفەرمـووێ : (إِنَّـا أَرْسَـلْنَا عَلَيْهِـمْ حَاصِبًـا إِلَّا آلَ لُـوطٍ نَجَّيْنَاهُـمْ بِسَـحَرٍ،نعمة مـن عندنـا كذلـك نجزي مـن شـكر )[٢٨] واتـە بێگومـان ئێمـە ئەوانیشـمان بـەرد بـاران کـرد (هەروەهـا ژێـرەو ژوریـش کـران)، جگـە لـە لـوط و خـاوو خێزانـی ئیمانـداری کـە لـە بەرەبەیانـدا ڕزگارمـان کـردن، ئـەو ڕزگار کردنـە نـازو نیعمەتێکـی تایبەتـی بـوو لـە لایـەن ئێمـەوە، جـا هـەر ئـاوا پاداشـتی کەسـێك دەدەینـەوە کـە سوپاسـگوزاری کردبێـت.

ئەمـە لـە دونیادایـە، وە لـە دوارۆژدا هەروەهـا پاداشـتێکی گەورەیـان هەیـە (وَسَـنَجْزِي الشَّـاكِرِينَ)[٢٩] واتـە لـە داهاتویەکـی نزیکیشـدا پاداشـتی سوپاسـگوزاران دەدەینـەوە.

ئـەم فەرمـوودەی کـە لەبەردەسـتماندایە پێشـەوامان درودی خـوای لـێ بێـت بـە بیرمـان دەهێنێتـەوە بـە دوو نیعمەتـی گرنـگ ئەویـش سـاغی و بەتاڵـی،کات، گومـان لـەوەدا نیـە کـە سـاغی گەورەتریـن نیعمەتـە، بـەڵام چـۆن بەتاڵـی نیعمەتـە؟

بەتاڵـی لـەم فەرمـوودەدا بـەو مانـا نیـە کـە زۆرینـەی خەڵـك لێـی تێدەگـەن،

---

٢٧ سورەتی ابراهیم ٧

٢٨ سورەتی القمر ٣٤-٣٥

٢٩ سورەتی ال عمران ١٤٥

وه گلـەی لێدەکـەن و هەوڵـی کوشـتنی دەدەن وەکـو دەڵێـن، الفـراغ لێـرەدا بەمانـی کاتـە یانـی ژیـان، کات ژیانـە، وە ژیـان نیعمەتێکـە لـە نیعمەتەکانـی خـوای گـەورە، ئەمـە مەبەسـتە وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـووێ: (( لا تـزول قدمـا عبـد-أي يـوم القيامة-حتـى يسـال عـن عمره فيـما افنـاه، وعـن علمـه فيـما فعـل، وعـن مالـه مـن أيـن اكتسـبه وفيـما أنفقـه، وعـن جسـمه فيـما أبـلاه ))[30] واتـە پـێ ناخەیتـە بـەر پێـت لـە ڕۆژی دوایـدا تاوەکـو پرسـیارت لـێ نەکـەن کـە تەمـەن لەچیـدا بەسـەر بـرد، وە لـە زانیاریەکەتـدا چیـت پێکـرد، لـەو سـەروەت و سـامانەی کـە چـۆن پەیـدات کـردووەو لـە چیـدا بـەکارت هێنـاوە، هەروەهـا لـە جەسـەتە.

پێشـەوامان درودی خـوای لـێ بێـت لـە فەرمـوودەی یەکـەم لەسـەر کات بـە بەتاڵـی وە لەدووەمـدا بـە تەمـەن، پێغەمبەرمـان درودی خـوای لـێ بێـت بـە بیرمـان دەهێنێتـەوە بـە نیعمەتـی لـەش سـاغی و کات، هەردووکیـان زۆر گرنگـن دەکـرێ مرۆڤـەکان لـە گوێڕایەڵـی خـوای گـەورەدا بـەکاری بهێنـن جا ئەوسـا دەبێتـە مایـەی سـەرکەوتنیان لـەو نیعمەتـە.

زۆربـەی خەڵـك تیاچـووە لـەم نیعمەتـەدا، بـێ ئاگایـە لـەم ڕاسـتیە، لەبـەر ئـەوە وا گومـان دەبـەن ئـەم نیعمەتانـە پاداشـتە، بـەڵام ڕاسـتی مەسـەلەکە تاقیکردنەوەیـە لـە ڕاسـتی دا. ئەگـەر مرۆڤـەکان نەزانـن ئـەم نیعمەتانـە بـۆ تاقیکردنەوەیـە سـوپاس گـوزار نابێـت لەسـەری، ڕەنـج بەخەسـار دەبێـت لـە دوارۆژدا پەشـیمان دەبێتـەوە لەکاتێکـدا کـە پەشـیمانی دادی نـادات.

بـەم شـێوە بۆمـان دەردەکەوێـت زۆرینـەی خەڵـك سـتەملێکراوە، خەڵەتێـنراوە، توشـی زەرەر بـووە ئەگـەر هەسـتیشی پـێ نـەکات و نەزانێـت لـە دونیـادا.

---

٣٠ ((جامـع الترمـذي)) (٣٦/٤)، كتـاب القيامـة، البـاب الاول، رقـم الحديـث ( ٢٥٣٢)، وقـال: حسـن صحيـح

لـه فەرمووده‌كـەدا ئاماژەیـە بـۆ ئـەوە كـە زۆرینـەی خەڵـك فێـڵ لێكـراوە، وە بـەردەوام دەبـن لەسـەر خراپـە، وە لەسـەر مسـوڵمان پێویسـتە كـە بـەزۆری نەخەڵەتێـت، چونكـە زۆرینـەی خەڵـك پێـوەر نیـە بـۆ بیروبـاوەڕو ڕێـگای ڕاسـتی، بەڵكـو پێـوەر ئیسـلامە، وەك خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (قـل لا یسـتوي الخبیـث والطیـب ولـو أعجبـك كـثرة الخبیـث )[31] واتـە (ئـەی پێغەمبـەری صلـی اللـە علیـە وسـلم) پێیـان بڵـێ: پیـس و پـاك یەكسـان نیـن، هەرچەنـدە زۆریەتـی ئـەو پیسـە سـەرنجی راكێشـا بیـت.
هەروەهـا (ومـا أكـثر النـاس ولـو حرصـت بمؤمنیـن)[32] واتـە (دڵنیـاش بـە) كـە زۆربـەی خەڵكـی باوەڕدارنیـن، هەرچەنـدە تـۆ زۆر بەپـەرۆش بیـت و هـەوڵ بدەیـت و تـێ بكۆشـیت.
هەروەهـا دەفەرمـووێ: (وان تطـع أكـثر مـن في الارض یضلـوك عـن سـبیل اللـە)[33] واتـە خـۆ ئەگـەر فەرمانبـەردارو ملكەچـی زۆربـەی خەڵكـی سـەرزەوی بیـت ئـەوە لـە ڕێبـازی ئـەوە لـە ڕێبـازی خـوا وێڵـت دەكـەن.
ببـە پشـیوانی خـواو لەسـەر ڕاسـتی بـە لەگـەڵ خەڵـك مەبـە ئەگـەر لەسـەر ڕاسـتی نەبـن وەك لـەم فەرمـوودەدا دەفەرمـووێ: (( لا تكونـوا امعـة تقولـون ان احسـن النـاس احسـنا وان ظلمـوا ظلمنـا، ولكـن وطنـوا انفسـكم ان احسـن النـاس ان تحسـنوا وان اساءوا فـلا تظلمـوا))[34] نابێـت شـوێن خەڵكـی بكەویـن بـە كوێرانـە و هەرچیـان كـرد بەڕاسـتی بزانیـن، ئەگـەر كارەكەیـان بـاش بـوو دەكرێـت شـوێنیان بكەویـن وەگـەر نـا نـەك هـەر شـوێنیان نەكەویـن بەڵكـو دەبێـت دەسـتیشـیان بگریـن كـە نەیكـەن.

---

31 سورەتی المائدة ١٠٠
32 سورەتی یوسف ١٠٣
33 سورەتی الانعام ١١٦
34 ((جامـع الترمـذی)) (٢٤٦/٣)، كتـاب البـر والصلـة، بـاب رقـم (٦٢) الاءحسـان والعفـو، رقـم الحديـث (٢٠٧٥)، وقـال : حديـث حسـن غريـب

# تاقیکردنەوە بەناڕەحەتی

عـن أبي هريـرة أن رسـول اللـه صلـى اللـه علیـة وسـلم قـال(( يقـول اللـه تعالـى: مالعبـدي المؤمیـن عنـدي جزاء اذا قبضت صفیـه مـن أهـل الدنیـا ثـم احتسـبه الا الجنـة))[٣٥]

ئـەم فەرمـوودە لـە فەرمـوودە قودسـیەکانە، ڕاسـتێتی ئەوەیـە کـە ئـەم فەرمـوودە واتـاو ماناکەشـی لەلایـەن خواوەوەیـە، لەبـەر ئـەوە دەفەرمووێ:((مـا لعبـدي)) ئەگـەر واتاکـەی لەلایـەن پێغەبـەرەوە بوایـە درودی خـوای لـێ بێـت دەیفەرمـوو: مـا للعبـد المؤمیـن، لەسـەرەتای فەرموودەکـەوە دەڵـێ خـوای گـەورە دەفەرمـووێ ((يقـول اللـه تعالـى)) جـا لەمـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە لەلایـەن خواوەوەیـە.

هەندێك کـەس سـەریان سوڕ دەمێنـێ و دەڵێـن ئەگـەر وایـە کەواتـە ئەمـە قورئانـە، بـەڵام وەڵامەکـەی ئەوەیـە کـە قورئـان کەلامـی خوایـە، وە کتێبـە ئاسـمانیەکانی تریش کـە دابەزێنراوەتـە خـوارەوە بـۆ پێغەمبەرانـی پێشـو سـەلامی خوایـان لـێ بێـت، کەلامـی خـوان، قورئانیـش نیـن، مـەرج نیـە هەرچـی لای خـواوە هـات قورئـان بێـت. هەروەهـا فەرمـوودەی قودسـی.

جیـاوازی هەیـە لەنێـوان فەرمـوودەی قودسـی و قورئـان، جیاوازیـەکان ئەمانـەن:

أ-دەقـی قورئـان موعجیزەیـە، بـەڵام دەقـی فەرمـوودەی قودسـی موعجیـزە نیـە.

ب-قورئـان هەمـووی بەشـێوەیەکی زۆر تـەواو بـێ هەڵـە گەشـتووە پێـمان

---

٣٥ ((صحیح البخاري بشرح فتح الباري)) (٢٤٢/١١)، کتاب الرقائق، الباب السادس، تقم الحدیث (٦٤٢٤). تێبینـی لـە کتێبەکـەدا الرقـاق نوسـراوە لەجیاتـی الرقائـق

(متواتـر) بـەڵام فەرمـوودەی قودسـی هەمـووی وانیـە هەیـە بەشـێوەیەکی زۆر تـەواو پێـمان گەشـتووە، هەیـە بەپێچەوانەوە،(زانایانـی فەرمـوودە ئەوانەیـان دیـاری کـردووە، وە چەندەهـا بەشـی هەیـە بـۆ نمونـە، فەرمـوودەی متواتـر، احاد،حسـن،ضعیف وە هەروەهـا).

ج-خوێندنـەوەی قورئـان عیبادەتە،بـەڵام فەرمـوودەی قودسـی وەك قورئـان نیـە. ئـەم فەرمووەدەیـە پرسـیارێکی ترمـان بەبیـر دێنێتـەوە، لەپرسـیارەکانی تاقیکردنـەوەی مرۆڤـەکان لـەم دونیایـەدا، ئەویـش تاقیکردنەوەیـە بـە نارەحەتـی، ئـەم ووتانـە کۆمەڵێـك شـت هەڵدەگرێـت وەك:

یەکـەم: تاقیکردنـەوە بـە نارەحەتـی لـە سـونەتەکانی خـوای گەورەیـە لـە دونیـادا، وە هەمـوو مرۆڤێـك دەبـێ تاقیبکرێتـەوە، خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ)[36] واتـە سـوێند بـە خـوا تاقیتـان دەکەینـەوە بـە کەمێـك لـە تـرس و بیـم و برسـێتی و کـەم بوونـی مـاڵ و سامان و مردنـی کـەس و کارو تیاچوونـی بـەرو بوومـی کشـتوکاڵ، جـا مـژدە بـدە بـەو کەسـانەی خۆگـرو ئارامگـرن.

هەروەهـا دەفەرمـووێ: (أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُمْ مَثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِنْ قَبْلِكُمْ مَسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ)[37] واتـە ئایـا لاتـان وایـە هـەروا بـە ئاسـانی دەچنـە بەهەشـتەوە،(بێ تەنگانـەو ناخۆشـی)؟! مەگـەر نمونـەی ئیماندارانـی پێشـوتان بـۆ بـاس نەکـراوە، کـە توشـی شـەڕو ناخۆشـی و تەنگانـە و گرانـی و نـەداری بـوون و تەکانیـان خـواردوە و زۆریـان بـۆ هاتـووە بەڕادەیـەك، هەتـا پێغەمبەرەکەیـان و ئەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە

---

٣٦ سورەتی البقرة ١٥٥
٣٧ سورەتی البقرة ٢١٤

لـه گەڵيـدا، دەيانـوت: كـەی پـەروەردگار سـەركەوتن دەبەخشـێت؟! ئيـتر كـەی خـوا يارمەتـی دەنێرێـت؟! ئاگاداربـن بەڕاسـتی يارمەتـی پـەروەردگار نزيكـە.

دووەم: ئـەم ناڕەحەتيانـە بـۆ سەرزەنشـت و تۆڵـە سـەندنەوە نيـە، وەكـو خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (وَأَمَّـا إِذَا مَـا ابْتَـلَاهُ فَقَـدَرَ عَلَيْـهِ رِزْقَـهُ فَيَقُـولُ رَبِّي أَهَانَنِـي*كَلَّا بَـل لَا تُكْرِمُـونَ الْيَتِيـمَ)[٣٨] واتـە بـەڵام كاتێـك تاقـی دەكاتـەوە و ڕزق و ڕۆزی كەمـی پێدەبەخشـێت و لێـی دەگرێتـەوە دەڵێـت: وا ديـارە پـەروەردگارم منـی خـۆش ناوێـت و ڕقـی لێمـەو و ريسـوای كـردووم* نەخێـر ئـەو شـتانە هيچـیَ وانيـە، ( نەبەخشـين مانـای ڕێـزو قـەدرە، نەلێگرتنـەوە مانـای بـی ڕێـزو بـیَ قەدرييـە، بەڵكـو ئێـوە سـەرەڕای ئـەو بيـرو بۆچوونـە چەوتانەتـان) ڕێـزی هەتيـو ناگـن و نـازی پێنـادەن.

تاقيكردنەوە كۆمەڵێك حيكمەتی تێدايە، وە گرنگترينيان ئەمانەن:

أ-بـۆ ئيقـام و حوجەيـە، لەبـەر ئـەوە خـوای گـەورە خەڵكـی موحاسـەبە دەكات بـە نيـەت و وتـەو، كـردەوە، ئەويـش دوای ئـەوە خـوای گـەورە شـتەكانی بـۆ ڕوون كـردەوە لەوانـەی كـە پێويسـتە بيـكات و لەوانـەی كـە سەرپشـكە، خـۆ ئەگـەر خـوای گـەورە خەڵـك دروسـت بـكات و بـە بـیَ ئـەوەی تاقـی بكاتـەوە لـەم دونيـادا، دواتـر بەكۆمەڵێـك بڵـیَ برۆنـە دۆزەخـەوە ئـەو كاتـە دەڵێـن خوايـە گيـان تـۆ مەجاڵێكـمان بـدە، چيـمان پـیَ دەكەيـت و دەڵێيـت ئامادەيـن. ئەگـەر ئـەم هەلەمـان نەداتـیَ ئەوكاتـە وا هەسـت دەكەيـن كـە خـوای گـەورە سـتەمی لێكردوويـن. خـوای گـەورە دەيەوێـت ئـەو مەجالەمـان بداتـیَ بـۆ ئـەوەی قسـەمان نەبێـت ئـەو كاتـە ئائەمەيـە مانـای ئيقـام و حوجـە بەڵگەيەكـە بەسـەرمانەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا

---

٣٨ سورەتی الفجر ١٦-١٧

هـاوەڵ دانـەرەكان دابـەش دەكرێـت بەچەنـد بەشـێكەوە لـە ڕۆژی دوایـدا، پەنـا دەگریـن بەخـوا لەوانـەی كـە هاوەڵـی بـۆ دادەنێـن. وەك خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (...قَالُـوا وَاللَّـهِ رَبِّنَـا مَـا كُنَّـا مُشْرِكِـينَ)[39] واتـە وتیـان: سـوێند بەخـوای پەروەردگارمـان ئێمـە هەرگیـز موشریـك و هاوەڵگـەر نەبوویـن!! وعـن أنـس بـن مالـك قـال: كنـا عنـد رسـول للـه صلـى اللـه عليـه وسـلم فضحـك، فقـال: هـل تـدرون مـم أضحـك؟ قـال قلنـا: اللـه ورسـوله أعلـم، قـال مـن مخاطبـة العبـد ربـه، يقـول: يـارب ألم تجـرني مـن الظلـم؟ قـال يقـول: بلـى، قـال فيقـول: فـاءني لا أجيـز[40] علـى نفـسي الا شـاهيدا منـي، قـال فيقول:كفـى بنفسـيك اليـوم عليـك شـهيدا، وبالكـرام الكاتبيـن شـهودا، قـال فيختـم علـى فيـه، فقـال الاركانـه[41] : انطقـي، قـال: فينطـق باعمالـه، قـال: ثـم يخلـى بينـه وبيـن الـكلام، قـال فيقـول: بعـدا لكـن وسـحقا، فعنكـن كنـت أناضـل))[42] ئەنەسـی كـوڕی مالیـك ڕەزای خـوای لـێ بێـت دەڵـێ لەگـەڵ پێغەمبـەردا بوویـن درودی خـوای لـێ بێـت وە پێكەنـی وە فەرمـووی ئایـا دەزانـن چـی پێیكەنانـدم؟ ئەوانیـش ووتیـان خـواو پێغەمبـەر زاناتـرن (ئەمـەش وەك ئەدەبێكـی هـاوەڵان ڕەزای خوایـان لـێ بێـت، لەگـەڵ پێغەمبـەردا درودی خـوایَ لـێ بێـت) وە فەرموودەكـە هەمـان مانـای ئـەم ئایەتـەی هەیـە وەك خـوای گـەورە دەفەرمـووێ: (الْيَـوْمَ نَخْتِـمُ عَـلَى أَفْوَاهِهِـمْ وَتُكَلِّمُنَـا أَيْدِيهِـمْ وَتَشْـهَدُ أَرْجُلُهُـمْ بِمَـا كَانُـوا يَكْسِـبُونَ)[43] واتـە ئەمـڕۆ مـۆر دەنێیـن بـە دەمیانـداو قسـەیان بـۆ ناكرێـت، بەڵكـو دەسـتیان قسـەمان بـۆ دەكات، قاچیشـیان شـایەتی دەدات بـەو كاروكردەوانـە كـە ئەنجامیـان دەدا(

٣٩ سورەتی الانعام ٢٣
٤٠ اجیز واتە ڕازی نیەم (لا اقبل)
٤١ لاركانە واتە بەشەكانی جەستەی
٤٢ (( صحيح مسلم)) (٢٢٨٠/٤)، كتاب الزهد والرقائق، رقم الحديث ٢٩٦٩).
٤٣ سورەتی يس ٦٥

دەربارەی ئەو تاوانانەی کە ئەنجامیان داوە، کاتیك شریتی کاسێت و فیدیۆ وسی دی و دیسك قسەمان بۆ دەکەن باوەڕ بوون بە قسەکردنی دەست و قاچ ...هتد ئاسانە).

هەروەها دەفەرمووێ: (حَتَّى إِذَا مَا جَاءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ*وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدْتُمْ عَلَيْنَا قَالُوا أَنْطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنْطَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ)[٤٤] واتە هەتا کاتێك دەگەنە ئاستی ئاگرەکە گوێیان و چاوەکانیان و پێستەکانیان شایەتیان لەسەر دەدات کە چ کارو کردەوەیەکی نادروست و خراپیان ئەنجام دەدا، ئەوسا بە غەمباریەوە بە پێستی خۆیان دەڵێن: بۆچی شایەتیتان لەسەرداین خۆ زەرەرتانە ؟ لە وەڵامدا دەڵێن، ئەو خوایە ئێمەی هێناوەتە گوفتار کە دەتوانێت هەموو شتیك بهێنێتە قسەو گفتوگۆ، هەر ئەو زاتەشە کە یەکەم جار بەدیهێناون و هەر بۆلای ئەویش دەبرێنەوە (بێگومان کارێکی ئاسانە بۆخوا چونکە ئادەمیزاد جۆرەها ئامێری هێناوەتە قسە، دەم و زمان و لێویشیان نیە!).

ئەم هەموو بەربەرەکانیەو مل نەدانە دوای ئەوەشە کە هاوەڵیان بۆ خوا داناوەو وە گوێڕایەڵیان نەکردووە، چۆن ئەگەر ئەو فرسەتەش نەدا؟ (یانی لەگەڵ ئەوەشدا کە خوای گەورە ئەو هەموو مەجالەشی داوە ئینجا هێشتا ئەوانەی کە بێباوەڕو خراپەکار بوون بەرانبەر خوای گەورە دەوەستن).

ب-لێکۆڵینەوەو بەدواداچون (بە کۆمەڵێك کاری جۆراو جۆر سەرەنجامی ئەمە مرۆڤەکان دەردەکەون تا چ ڕادەیەك لەگەڵ خوای گەورەدا ڕاستیان کردووە) ناڕەحەتی ڕاستێتی مرۆڤەکان دەردەخات، چاکە جیا دەکاتەوە

---

٤٤ سورەتی فصلت ٢٠-٢١

لــە خراپــە، ڕاســتگۆ جیــا دەکاتــەوە لــە درۆزن، وە مســوڵمانی ڕاســتەقینە لەگــەڵ دووڕووو (المنافــق)، لەمــەدا ســودێکی زۆری تیایــە بــۆ کۆمەڵگــەی ئیســلامی، خــوای گــەورە دەفەرمــووێ لــەو ئایەتانــەی کــە باســی غــەزای ئوحــود دەکات کــە حیکمەتێکــی تیایــە لــەو نارەحەتیــەدا وەك هاتــووە لــە ئایەتەکــەدا (مَـا كَانَ اللَّـهُ لِيَـذَرَ الْمُؤْمنِـينَ عَـلَى مَـا أَنْتُـمْ عَلَيْـه حَتَّـى يَميـزَ الْخَبيـثَ مـنَ الطَّيِّـب وَمَـا كَانَ اللَّـهُ لِيُطْلعَكُـمْ عَـلَى الْغَيْـب وَلَكـنَّ اللَّـهَ يَجْتَبـي مـنْ رُسُـله مَـنْ يَشَـاءُ فَآمنُـوا باللَّـه وَرُسُـله وَإنْ تُؤْمنُـوا وَتَتَّقُـوا فَلَكُـمْ أَجْـرٌ عَظيـمٌ)[45] واتــە خــوا ئیمانــداران واز لێناهێنێــت هــەر وەکــو ئــەوەی کــە ئێســتا ئێــوەی لەســەری هــەن ( دڵســۆزو نادڵســۆز، خەمخــۆرو بــێ بــاك تێکەڵــن)، هەتــا پیــس و پــاك لەیــەك جیــا نەکاتــەوە (تــا ئاینــدە بزانــن)، بەڵکــو خــوا لــە پێغەمبەرەکانــی کەســانێك هەڵدەبژێرێــت کــە بیەوێــت (تــا لــە هەندێــك نهێنــی ئاگاداربــن بــەو ڕادەی کــە پێویســتە)، جــا بــاوەڕ بــە خــواو پێغەمبەرانــی بهێنــن، خــۆ ئەگــەر بــاوەڕی دامــەزراو بهێنــن و پارێــزگاری بکــەن و لــە خــوا تــرس بــن، ئــەوە پاداشــتی بــی ســنورو نەبــڕاوە چاوەڕیتانــە.

٤٥ سورەتی آل عمران ١٧٩

# پوختەو کۆتایی

زۆرجـار مرۆڤـەکان بەهـۆکاری گومـان و وەسوەسـەی شـەیتان و حەزەکانـی خۆیـان خۆیـان و کارەکانیـان لا ئاڵـۆز دەبێـت، بەجۆرێـك خۆیـان وون دەکـەن و لـە گێژاوێکـدا دەخولێنـەوە بـەدوای خۆیانـداو خۆیـان بـۆ نادۆزرێتـەوە، هەیـە دەگاتـە ئـەو ئاسـتە لـە تـاو ماندوویەتیـدا خـۆی دەکوژێـت! هەیـە یـان بەشـێوەیەك لای بـێ مانـا دەبێـت هەسـتی چێـژی نامێنێـت و بـەردەوام بـە هیلاکـی دەباتـە سـەر، هەیـە ئەوەنـدە خـۆی لا بـێ بەهـا دەبێـت خـۆی زۆر لـەوە بـە کەمـتر دەبینێـت کـە کارەکانـی گرنگـی هەبێـت لـە تـەرازووی خـوای گـەورەدا، هـەروەك چۆنیـش هەیـە ئەوەنـدە خـۆی بـە گـەورە دەزانێـت ئەمانـەی ئێمـە باسـی دەکەیـن بـە شـتگەلێکی لاوەکـی و یـاری کـردن دێتـە پێـش چـاوی، بـەڵام ئـەوەی کـە بـە ڕاسـتی گەشـتووەتە ئێمـەو فەلسـەفەی ژیانـی و دوای ژیانیشـمان نیشـان دەدات ئـەو قورئانەیـە کـە چوارچێـوەی کارەکانـی بـە ووردی کێشـاوەو لـە دوو توێـی کتێبێکـدا بـە پارێزراوی گەشـتووە پێـمان، کـە گشـت کەرەسـتەکانی ژیـان و مانـای ڕاسـتێتی و ئەهمیەتـی ئێمـە لـەم ژیانـەدا دەستنیشـان دەکات، لەگـەڵ تەنگژەکانـی دونیـادا بەشـێوەیەك ڕامـان دەهێنێـت لـە چوارچێـوەی تاقیکردنـەوەدا بیـان بینیـن و ژیانـی خۆمـان بـە قوربانـی ناڕەحەتیەکـی کاتـی نەکەیـن و بـە خۆشـیەکی کاتیـش بوغـرا نەبیـن و ژیـان وەك تاقیکردنـەوە سـەیر بکەیـن، تاقیکردنـەوەش پرسـیاری سـوك و ناڕەحەتـی تێدایـە، پێویسـتە بەرگـەی چەرمەسـەرەکانی ژیـان بگریـن و گرنگـی دروسـت بـوون و کارەکانمـان لەبیـر نەکەیـن، قوتابـی نابێـت لـە کاتـی تاقیکردنـەوەدا بڵـێ مامۆسـتا چ پێویسـتی بـەم تاقیکردنـەوەی مـن هەیـە، مـادام تـۆ بڕیـار پلـەی قوتابیەتیت هەبـووە دەبێـت تاقیکردنەوەکانیش بـە سـەرکەوتووی ببڕیـت گـەر سـەرەنجامێکی باشـت بـۆ ژیانـی خـۆت بوێـت،

ئـازادی لـەوەی پـەڕەکان بـە سـپێتی دەدەیـت بـە دەسـتەوە، وە ئـازادی بـە شـێوەیەکی جوانیـش وەڵام بدەیتـەوەو لـە کۆتایـدا هێـمای هەڵـە بەسـەر هەموویـدا بهێنێـت و خـۆت ڕەنـج بـە خەسـار بکەیـت، هـەروەك چـۆن دەرفەتیشـە ئەگـەر کاتێکـی کەمیشـت لەبەردەمـدا مابێـت خـۆت بەباشـی بـۆ تاقیکردنـەوەکان ئامـادە بکەیـت، هەردەمیـش ئـەو بەشـانەی کـە زۆر نارەحـەت و سـەعی زۆری دەوێـت سـەرەنجامی باشـترە... تـۆ ئـازادی چ هەڵدەبژێرێـت بـەڵام مافـی ئـەوەت نـی یـە داوای پاداشـتێك بکەیـت کـە کارت بـۆ نەکـردووە، هـەروەك چـۆن مـردن یەکسـانە لەنـاو مرۆڤایەتیـدا ئـاواش پاداشـتەکان بـە یەکسـانی دابـەش دەکرێـت، دەکرێـت یەکسـانی بـۆ کەسـێك قوڵایـی دۆڵەکانـی جەهەنـەم بێـت و وە یەکسـانی بـۆ کەسـێکی تـر بەرزایەکانـی فیـردەوس بێـت، چـاوەڕێ مەبـە لـەوێ زیـادەت بـۆ بنوسرێـت ئێسـتە پێنووسـەکە بەدەسـتی خـۆت و چیـت دەوێـت بـە کردەوەکانـت بیـان نووسـە.

پێڕست

# پێڕست


پێش خوێندنەوە---------------------------------------------------------٣
دەستپێك---------------------------------------------------------------٦
پێشەکی:- -------------------------------------------------------------٩
جەستە: --------------------------------------------------------------٩
ڕۆح: -----------------------------------------------------------------١٠
ژیری: ----------------------------------------------------------------١١
دەروون: -------------------------------------------------------------١٢
دڵ: ------------------------------------------------------------------١٢
جۆری یەکەم: دڵی ساف و بێ گەرد: -----------------------------------١٣
جۆری دووهەم: دڵی نەخۆش: -------------------------------------------١٣
جۆری سێهەم: دڵی ڕەق: ---------------------------------------------١٤
تاقیکردنەوە بە نیعمەت ---------------------------------------------١٨
تاقیکردنەوە بەناڕەحەتی ---------------------------------------------٢٨
پوختەو کۆتایی--------------------------------------------------------٣٤

دڵ نەرمـی ئـەو فەرموودانەیـە کەباسـی ئەوشـتانەی تیـا کـراوە کەپەیوەندیـان بـە دڵـەوە هەیـە دڵ نـەرم دەکات ،وە نزیکمان دەکاتـەوە لـە خـوای گـەورە .وەپێـمان دەڵێـت دڵ چیـە، وە چـی گرنگیەکـی لـە ژیانـی مرۆڤـدا هەیـە ؟
مـرۆڤ بریتیـە لـە جەسـتەو ڕۆح، ژیـری و دڵ و نـە فـس، دژایەتـی هەیـە بۆپێناسـەی هەریەکێـك لەوانـە لەبەرئـەوە پێناسـەیەکی بڕواپێکـەری دیـاری کـراو نیـە بۆهەریەکێـك لەوانـە ، ڕاجیاوازیـەکان زۆر زۆرن ، بـەڵام مـن ئەرکـی هەریەکێـك لەوانـە ڕون دەکەمـەوە کەچیـە بەشـێوەیەکی ئاسـان بـە پشـتیوانی خـوا.

# دڵ نەرمی مرۆڤو پێکهاتەکانیوە و دڵ و جۆرەکانی

د. عومەر عەلی

٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6